# فەلسەفە دیالۆگ نییە




سلاڤۆی ژیژەک

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

ئاماژەیەک:

ژیژەک وەک هەمیشە تێزە باوەکان پێچەوانەدەکاتەوە(وەکچۆن بەرگری لە هەندێ ڕوانگەی بەناو کۆنیش دەکات کە ناوکی ڕادیکاڵیان هەیە و فەرامۆشکراون). وتنی ئەوەی فەلسەفەش دایالۆگ نیە، یەکێکە لەو پێچەوانەکردنەوانە. ئەم تێزە باوە کە فەلسەفە وەک دایالۆگ وەردەگرێت، ئەو ئەنتاگۆنیزم و دژایەتییە لەبیردەکات کە لەنێوان مرۆڤ/مرۆڤ، فەیلەسوف/فەیلەسوف، یان بەکورتی لەنێوان سوبێکت/سوبێکتێکی تردا هەیە. مەحاڵبوونی دایالۆگ لە دواجاردا، پەیوەندیی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە کە ڕەنگە بتوانین بەم جۆرە ڕیزیان بکەین:

١) ڕێژەییبوونی زمان، بەبنبەستگەیشتنی زمان و پرۆسەی دەلالەتکردن. ئەمە بەو مانا عیرفانییە نیە کە نەتوانین شتێک بڵێین و بوەستین، بەڵکو بەر جۆرێک لە شکستی دەلالەت دێین و تێگەیشتنی ڕەها و تەواوەتی ڕووداوات و بە زمانە دەروونشیکارییەکە: فەنتازیای فەیلەسوفەکان لەیەک جودان. پێدەچێت هەر لێرەوە بێت کە ژیژەک بەشێوەیەکی زیادەڕۆیانە مێژووی فەلسەفە بە مێژووی بەدحاڵیبوونەکان دادەنێت.

٢) بەرپرسیارێتیی سیاسییانە و ئینسانییانە بەسەر فەلسەفەوە کە فەلسەفە ناچاردەکات بڕێکی تری فەلسەفەکانی تر و دایالۆگەکانی تر نەفی بکات و ئاراستەی خۆی دیاری بکات(نەفیکردن بەو مانایەی لە ئاستی بەش-جزء-دا دەتوانێت سود لە فەلسەفەکانی تر وەربگرێت و وەک گشت-کل- ڕەخنەیان بکەیت و ڕەتیانبکەیتەوە). فەلسەفە خۆی لەخۆیدا بێلایەن نیە، بۆیە دەکرێت فەلسەفەیەکی تر و فەیلەسوفێکی تر بێتو بە ئاراستەیەکی ئایدۆلۆژییانەوە ڕەخنەی بکات. "ئایدۆلۆژییانە" لێرەدا سیفەتێکی قووڵی فەلسەفە خۆیەتی. ئایدۆلۆژیا وەک کۆکردنەوەی ئایدیا و لۆژیک، وەک ئەوەی کە هەر فەیلەسوفێک بەرگری لە لۆژیکێکی ئایدیایی دەکات و ڕەوایەتی بە سیستەمێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی دەدات و ناتوانێت خۆی بباتە دەرەوەی مێژوو و کۆمەڵگا و نیزامە سیاسییەکانەوە. لێرەوەیە کە ژیژەک ئاراستە و ئەرک دەبەخشێتە فەلسەفە و هەر ئاراستەیەکیش عادەتەن ناتوانێت بەتەواوی لەگەڵ ئاراستەکانی تردا تەبابێتەوە و ئیتر دایالۆگ مومکین نابێت، بۆیە شەڕی بۆچوونە فەلسەفییەکان دەستپێدەکات. لێرەدا هەڵوێستە لینینییەکەی ژیژەکمان بیردەکەویتەوە: لینین هەرکە باسی دیموکراسی و ئازادیت بۆ بکردایە، یەکسەر دەیوت کام دیموکراسی؟ لەپێناوی کێ و کام چیندا؟ ژیژەکیش دەڵێت: کام فەلسەفە؟ لەپێناوی کێدا و کام جیهانبینییشدا؟

هەروەها ژیژەک لەم دەقەدا(کە لە سیمینارێکدا لەگەڵ هاوڕێ کۆمۆنیستەکەی، واتە ئالان بادیۆدا، پێشکەشی دەکات) شتێکی دیکەش دەورووژێنێت: زۆرێک لەمانەی ئەمڕۆ بەناوی دیبەیت و دایالۆگەوە فەلسەفەی پێوە سەرقاڵکراوە، مەرجەکانی دایالۆگێکی ڕادیکاڵیان تیا نیە. خەڵک بە شتانێکەوە سەرقاڵدەکەن، کە ئەسڵی کێشەکە نیە. بۆیە پێویستە چەمکەکانی ناو دیبەیتەکە بگۆڕین و لە شەڕە سەرەکییەکە لانەدەین. فەیلەسوفیش هەیە لەبنەڕەتدا لەگەڵ یەکتر کۆکن، بەڵام درکیان پێنەکردووە. دێریدا و هابەرماس وەک نمونە. دێریدا و هابەرماس هەردووکیان کە باس لە ئەویتر و دایالۆگ دەکەن، هەمان شت دەڵێنەوە، یاخود لانیکەم دەگەن بەهەمان ئەنجام. کام ئەنجام؟ ئەوئەنجامەی کە نابێت دەست لە ***ئەویتر***(the other) بدەین، زیانی پێ بگەیەنین، ڕووبەڕووی شەڕ و بەرکەوتنی بکەینەوە. جا لێرەوە مەودا و جیاوازی دەچێتە جێی ئەو ئەنتاگۆنیزم و دژایەتییەی کە پێویستە هەبێت: کۆمەڵگا لە ئەنتاگۆنیزم و دژایەتیی ستەمکار/ستەمدیدە پێکهاتووە و دەبێت ئەم دژایەتییە بپارێزین تاکو بگەین بە زەروورەتی شۆڕش. وەک لە دەقەکەشدا هاتووە، فەلسەفە هەمیشە جۆرێک لە نارێکی و نائاساییبوونی تیایە و دایالۆگ زۆرجار پەردەیەک بەسەر ئەم سیفەتەی فەلسەفەی ڕاستەقینەدا دەدات.

لە واقیعی ئێمەشدا، فەلسەفە وێنەیەکی تری وەرگرتووە. وەک ژێستێکی مەعریفیی ڕووت و بێگەرد سەیردەکرێت. گەر زۆریش ڕادیکاڵ بێت، لە هەندێ ڕەخنەی نیو/مەعریفی و کەلتوری تێناپەڕێت و دەستوەرناداتە پرۆسەی شۆڕش و سیاسەت و هتدەوە. زۆرجاریش ئەرکێک بەسەر فەلسەفەدا دەدرێت کە پتر لە وەهم و خۆدزینەوە دەچێت. دەوترێت

فەلسەفە ڕزگارکەرە و بە بڵاوبوونەوەی فەلسەفە دونیا ڕزگاردەبێت. دیارە ئەمەش هەر هێندەی وتەکەی دستۆیفسکی ورد و کۆنکرێتییە کە دەڵێت: ئەوەی دونیا ڕزگاردەکات جوانییە. فەلسەفە تائێستا پرسێکی نوخبەوی بووە و خۆی لە خۆیدا جیهان ڕزگارناکات، لانیکەم لەدوای مارکسەوە ئەمە دەزانین کە دەڵێت: فەیلەسوفان تا ئێستا جیهانیان تەفسیرکردووە، قسەکە لەسەر گۆڕینیەتی. فەلسەفە لە هەندێ جێگەدا خزمەتی دۆخی باڵادەست دەکات و ئەمڕۆ ئەمە بەڕوونی لە ئەکادیمیادا دەبینرێت.

***　　　***　　　***

ئێمە (وەک ژیژەک و بادیۆ) بەتوندی دەتوانین ئیدیعای ئەوە بکەین دایالۆگ دەکەین، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ یەکتردا هاوڕاین. بەڵام ئاخۆ نیشانەی فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە وروژاندن[1] و فیتنەنانەوە دەستپێبکات؟ منیش لەگەڵ جەختکردنەوەکەی بادیۆدا کۆکم(هاوکات لەگەڵ ئەفلاتونیشدا سەبارەت بەوەی فەلسەفە بەڵگەنەویستە[2] و چۆنچۆنییش دەکرێت بەفیعلی فەلسەفەی ڕاستەقینە بناسیتەوە). وایدابنێ لە کافتریایەکدا دانیشتوویت و کەسێک دێت و بەمجۆرە دەتانخاتە بەردەم تەحەدا: "وەرە با گفتوگۆیەکی قووڵ بکەین". فەیلەسوفەکەش یەکسەر دەڵێت: "بمبورە، من دەبێت بڕۆم". هەوڵیش دەدات هەرچی زووە، ئەو شوێنە جێبهێڵێت.

من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە دوا دایالۆگەکانی ئەفلاتوون، بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە، دایالۆگە فەلسەفییەکانی ئەو بوون. لەم دایالۆگانەدا، تەقریبەن کەسێک پەیتاپەیتا و بەبێ پچڕان قسەدەکات. بۆنموونە لە دایالۆگی ***سۆفیست***دا، ناکۆکی و هاوڕانەبوونەکانی ئەوانیتر هەر زۆر بڕوات ناگاتە نیو پەڕە. بۆنموونە دەڵێن: "بەڵێ جەنابتان زۆر ڕاست دەکەن"، "زۆر ڕوونە"، "وایە"؛ بەڵام ئەی بۆ وانەبێت؟ فەلسەفە دایالۆگ نییە. ناوی یەک دایالۆگی فەلسەفیی سەرکەوتووم پێبڵێن کە بە بەدحاڵیبوونێکی ترسناک کۆتایی نەهاتبێت؟ ئەمە سەبارەت بە دیارترینیشیان هەر ڕاست دەردەچێت: ئەرستۆ بەدرووستی لە ئەفلاتوون تێنەگەیشت، هیگڵیش-کە پێدەچێت دڵخۆش بووبێت بەم ڕاستییە- کە لە کانت تێنەگەیشت؛ هایدگەریش هەر لەبنەڕەتەوە لە کەسیان تێنەگەیشت. کەواتە دایالۆگ بوونی نییە. ڕێمبدەن بەردەوام بم.

---

1 . provocation

2 . axiomatic

هەوڵدەدەم بە شێوازێکی باو و ئاشنا دەست بۆ ئەم کێشەیە ببەم. خۆ ڕاستە ئەمڕۆ ئێمەی فەیلەسوف بانگەکرێین، دەخرێینە بەر پرسیار و تەحەداش. چاوەڕوانییشمان لێدەکرێت بەشداری و دەستێوەردانمان هەبێت و لە فەزای گشتیی ئەورووپی و غەیری ئەورووپاشدا چالاک و دەرگیر بین. پێویستە چۆنچۆنی بەدەم ئەم داوایانەوە بێین؟ هەڵبەت نەک بە شێوازێکی زۆر جیاواز و زۆریش هاوشێوە. کەسی دەروونشیکاریش هەر بەم جۆرە وەڵامی نەخۆشەکەی دەداتەوە: چونکە نەخۆشیش داوای شتێک دەکات. بەڵام پیاو یان ژنی نەخۆشیش، بەدەگمەن خواستەکانی دەگاتە جێی خۆی [و دێتەدی]. ئەوانە خواست و داوای درۆیینەن و ئاماژە بۆ کێشەیەکی ڕاستەقینە دەکەن کە هاوکات بەشاراوەیی دەمێننەوە. دەرفەتبەدەن با بگەڕێینەوە بۆ ئەو تیما ناهاوتا و بەراوردنەکراوەی کە ئالان بادیۆ ئاماژەی بۆ کردووە. ئەو لە وتارە ناوازەکەیدا دەربارەی یانزەی سێپتەمبەر، چەمکە دۆلۆزییەکە، واتە "سەنتێزی جیاکەرەوە"[3] بەکاردەهێنێت. ئەگەر کەسێک شتێک لە ئێمەی فەیلەسوف بپرسێت، ئەوا وەڵامەکەمان بەگشتی شتێکی زیاتر دەبێت لە بۆچوونی گشتی، لەگەڵ جۆرێک ئاراستەگیری و لایەنگری لە دۆخێکی کێشەدار و پرۆبلەماتیکدا. بۆنمونە، ئەمڕۆ خۆمان لە جەنگی دژی تیرۆردابین، ئەمەش لەگەڵ کێشە تۆقێنەرەکان[4]دا ڕووبەڕوومانەکاتەوە: ئایا دەبێت ئازادییمان بگۆڕینەوە بە ئاسایش لە دەستی تیرۆر؟ ئایا دەبێت کراوەییە[5] لیبراڵییەکە بگەیەنینە دوائاستی خۆی-تەنانەت ئەگەر بە مانای دابڕان بێت لە ڕیشەکانی خۆمان یان لەدەستدانی شوناسیشمان- یاخود پێویستە بەتوندی پێداگریی زیاتر لەسەر شوناسمان بکەین؟ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی دەستەجەمعی ڕووبەڕووی ئەو بەدیلانە دەبینەوە، سەنتێزی جیاکەرەوە درووستدەکەن و لەم ڕووەشەوە بەدیلی درۆیینەن، دەبێت لێرەدا یەکەمین ژێستی فەیلەسوفان بێت: فەیلەسوف دەبێت چەمکەکانی ناو دیبەیتەکە بگۆڕێت. بە بڕوای من ئەم دیبەیتە ڕێک دەکەوێتە بەرامبەر ئەو شتەوە کە ئالان بادیۆ ناویدەنێت "هەڵبژاردنی ڕادیکاڵ و ڕیشەیی". ئەمەش بە شێوەیەکی کۆنکرێتی، بەو مانایە دێت کە "لیبراڵیزم"، "جەنگی دژەتیرۆر"، هەروەها ئەو شتەشی کە پێیدەوترێت "تیرۆریزمی فەندەمێنتاڵانە" -تێکرا- سەنتێزی جیاکەرەوەن؛ هیچیان هەڵبژاردنی ڕادیکاڵ نین. دەبێت چەمکەکانی دیبەیتەکە بگۆڕین. با نمونەی زیاتر

[3]. ‘disjunctive synthesis’.

[4]. daunting

[5]. openness

بێنینەوە: لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣دا، فەیلەسوفانی گەورەی ئەورووپا، دێریدا و هابەرماس لەگەڵ هەندێکی تردا، کە چەند ئەمریکییەکیشیان تیابوو، بەشێوەیەکی شەریفانە تەداخولی فەزای گشتییان کرد و خوازیاری ئەورووپایەکی نوێ بوون. ئایا ئەمە بەڕوونی دەرخەری پێگە فەلسەفییەکانیان نییە؟ خاڵەکە هەمیشە هەر ئەمەیە: ڕێکەوتنی سیاسی لەنێوان فەیلەسوفەکاندا شتێک لەبارەی فەلسەفەکەیانەوە هەڵدەماڵێت و ئاشکرادەکات. ڕیچارد ڕۆرتی بە نمونە وەرگرە، گەرچی لەڕووی فەلسەفییەوە لەگەڵی کۆک نیم، بەڵام من بە لیبراڵێکی زیرەکی دەزانم کە لە دەربڕینی شتی ئاشکرا ناترسێت- ئەو کارەی کە لیبراڵە وردبین و بێتواناکان بۆ ئەنجامدانی، هەمیشە زیاد لە ڕادە شکۆ و ویقاری بۆ دەخەنەگەڕ. ئەو پێمان دەڵێت چ دەبێت کاتێک کەسانی وەک خۆی، دێریدا، هابەرماس، و(لە کایەی زانینیشدا)[6] دانیال دینێت لە دیبەیتە فەلسەفییەکاندا بەشداریبکەن. بە چاوخشانێک بە هەڵوێستە سیاسییەکانیاندا، وێنەیەکی تر ئاشکرا دەبێت: بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستە فەلسەفییەکانیان، تێکرا بە لای چەپی دیموکراسیی نێوەندا دەشکێنەوە. سەبارەت بە دیموکراسی، تەنانەت ڕەنگە تۆزێک زیاتریش، ئەنجامگیرییە پراگماتییە جۆرییەکەی[7] ڕۆرتی بوونی هەیە کە دەرخەری بێبایەخی فەلسەفەیە. ئایا حەکایەتەکە هەر ئەمەیە؟ ڕێبدەن هاوڕابوونە سیاسییەکەی هابەرماس و دێریدا وەک نمونەیەکی پارادایمییانە وەربگرین: ئایا ناکرێت ئەمە نیشانەی ئەو ڕاستییە بێت کە هەڵوێستی فەلسەفیی دێریدا و هابەرماس هەربەڕاستی دەرە-بەراوردن، تەنانەت بەرامبەرکێ و دژبوونەکەشیان لەگەڵ یەکتردا بەتەواوی سەنتێزێکی جیاکەرەوەن؟

ئەگەر وردتر سەیری بونیادی فیکرەکەیان بکەین، ئەوا ئەم گریمانەیە پشتڕاستدەبێتەوە: هەر لەبنەڕەتەوە، هەردووکیان سەروکاریان لەگەڵ کێشەی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن(communication)دایە. یان گەر بمانەوێت وردتر بین، ئەوا مەبەستمان لەو کۆمۆنیکاسیۆنەیە کە بە ڕووی ***ئەویتر***دا کراوەتەوە، دەیناسێت و دانی پیادەنێت، و لەجیاتیی زیان پێگەیاندنی، ئەویترێتییەکەی[8] بۆ جێدێڵێت و دەیپارێزێت[واتە لەجیاتیی ڕووبەڕووبوونەوە و لێدانی، ئەویتر وەک خۆی دەهێڵێتەوە و بەرکەوتن

---

[6]. Cognitive field
[7]. typical
[8]. otherness

ڕووندادات]. پێموایە، ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ دوو نوسخەی تەواوکەردا هەیە. تەنانەت ئەگەر بێتو هابەرماس ئیدیعای هەبوونی پەیوەندییەکی نەشێوێنراو بکات لەگەڵ ئەویتر و ڕێسا تاقانەکەیدا، دێریداش بەتەواوی جەخت لەسەر جەمسەرە پێچەوانەکەی هابەرماس بکاتەوە: پێویستە خۆمان بە ڕووی ڕێکەوتبوونە ڕیشەییەکەی ئەویتردا بکەینەوە. بەپێچەوانەی ئەم هەڵوێستە تەواوکەرە دوولایەنانەوە، خزمەتە گەورەکەی بادیۆ بریتییە لە گۆڕینی کۆی کایەی ئەخلاق. کێشەکە ئەویتریێتی نییە، بەڵکو لەجێی ئەوە هەمانێتییە[٩]. بە لای منەوە، ئەو دەمەی کە فەیلەسوف ڕووبەڕووی لێشاوی چاوەڕوانی و داواکارییەکان دەبێتەوە، ئەوا دەبێت ئەمە یەکەمین ژێست و جووڵەی بێت. بۆنمونە، لە بواری گۆڕینی چەمکەکانی دیبەیتەکەدا، واقیعی مەجازی بووە بە مۆدە، ئێمە لە جیهانێکی مەجازییدا دەژین: ئایا پەیوەندییمان بە واقیعە ڕەسەن و ڕاستەقینەکەوە لەدەستداوە؟ ئایا بەتەواوی لە خۆمان نامۆ بووینە؟ لێرەشدا دیسان بەر سەنتێزە جیاکەرەوەکان دەکەوین: لەلایەکەوە کۆمەڵێک پۆستمۆدێرنمان هەیە کە پێیانوایە ئەو سوبێکتیڤیتە[١٠] کۆچەرییەی تایبەتە بە خۆیان، دەتوانێت لە واقیعێکی ساختە و دەستکردەوە وەرگەڕێت بەرەو واقیعێکی تر. لەلایەکی تریشەوە، کۆمەڵێک موحافیزکاری نۆستالیژی و موحافیزکاری چەپمان هەیە کە دەرهەق بەو ڕاستییە خۆیان بە شەرمەزار دەزانن و لەو بڕوایەدان کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونە ڕەسەن و ڕاستەقینەکان(ی پێشوو). دەبێت ڕێگایەکی جیاواز بگرینە بەر: ئەویش بەو مانایەی کە چەمکەکانی دیبەیتەکە ڕەتبکەینەوە و ئیدیعای ئەوە بکەین کێشەکە واقیعی مەجازی نییە، بەڵکو واقیعی ناو پرسی مەجازی خۆیەتی. بەڵام چۆنچۆنی؟

مەبەستم ئەمەیە: واقیعی مەجازی-وەک ئەوەی بادیۆش لە جێیەکدا نوسیویەتی-ئایدیایەکی تاڕادەیەک سواو و ترۆیە. واقیعی مەجازی کەرەستەیەکی ئەوتۆ نییە بۆ بیرکردنەوە؛ بەڵکو بەم مانایەیە: "سەیربکەن چۆن دەتوانین بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنۆلۆژییەکانمانەوە دیاردەیەک بخولقێنین کە لەکۆتاییدا بڕوا بە واقیعبوونەکەی بهێنین". بە دیدی من، واقیعی ناو پرسی مەجازی بژاردەیەکی سەرنجڕاکێشترە بۆ

---

[٩]. the Same

[١٠]. سوبێکتیڤیتە، ئاماژەیە بۆ ئەو چوارچێوە زاتییەی کە سوبێکت یان مرۆڤی تیا درووستدەبێت. ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا سوبێکت دەبێتە سوبێکت و لە بەسوبێکتبووندا بەردەوام دەبێت. سوبێکت بوونێکی پێشوەخت پڕکراوەی نیە و لە سەنتەری خۆیدا چاڵی و بۆشایی هەیە و ئەمەش لەڕێگەی نەزمی ڕەمزی و کۆمەڵایەتی و زمان و سەردەمە مێژووییەکانەوە پڕدەبێتەوە-و

بیرکردنەوە. پرسی مەجازی، هەر شتێکی تایبەت دەگرێتەوە، بەڵام نەک هەمووی. پرسی مەجازی، شوێنەواری فیعلی و ئەکچواڵی **ڕیاڵە**. مەسەلە سەرەکییەکە لێرەدایە.

ڕێبدەن تیمای دواتر تاوتوێ بکەین کە ژۆرناڵیزم دەوروژێنێت: چێژگەرایی[11]. دەبێت چی بکرێت کاتێک بەها کۆنەکان دەدرێنە دەستی ڕابردوو و مرۆڤەکان باوەڕی خۆیان لەدەستدەدەن، گەشە بە خۆپەرستی دەدەن، و ژیانیشیان تەنیا بۆ گەڕان بەدوای چێژ و خۆشییدا تەرخاندەکەن؟ جارێکی دیکە، مەیدانەکە دابەشدەبێت بەسەر دوو ئۆردووگادا: لەلایەکەوە، ئەو باوەڕە هەیە کە هەر تێڕوانینێکی ئەخلاقیی جێگیر، توندوتیژیی لەخۆیدا هەڵگرتووە؛ باوەڕێک کە لەڕووی جۆری و چەشنایەتییەوە "پۆستمۆدێرن"ـە و جۆدیت باتلەر لە دوایین کتێبیدا نوێنەرایەتیی دەکات(کتێبێک کە ئێستا تەنیا نوسخە ئەڵمانییەکەی لەبەردەستدایە *Zur Kritik der ethischen Gewalt*).

ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە دەبێت نەرم و مەتاتی بین و هتد. ئەم مەسەلەیە جارێکی تر دەکەوێتەوە بەرامبەر مەسەلەی سوبێکتیڤیتەی کۆچەرییەوە. وەڵامی لایەنی بەرامبەر ئەوەیە کە وڵات پێویستی بە پەیوەندی و بەها جێگیرەکان هەیە. هەڵبەت دەبێت لێرەدا جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاوڕ لەو پرسە بدەینەوە و چەمکەکانی دیبەیتەکە بەهۆی جۆرێک لە مەودا و نامۆبوونی برێختییەوە بەکێشە بکەینەوە و پرۆبلەماتیکی بکەینەوە؛ سەرەنجام شتەکە خۆی دەبێتە غەریب و بێگانە بۆمان: «بەڵام تۆزێک بوەستن؟ ئەوە ئێمە باسی چی دەکەین؟». باسی چێژگەرایی لە کۆمەڵگایەکی بەرخۆر(مەسرەفکار)دا کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی بریتییە لە مەنع و قەدەغەکردنێکی ڕیشەیی: یەکسەر چێژوەربگرە. بەردەوام پێتدەڵێن: "تەبعەن دەبێت چێژوەربگریت، بەڵام بۆ ئەوەی هەربەڕاست بتوانیت چێژوەربگریت ئەوا پێویستە بەر لەهەر شتێک بە نەرمەڕا و لەسەرەخۆ هەنگاوبنێیت، ڕێژیم بکەیت و لەڕووی سێکسییەوە ئازاری کەس نەدەیت". لەکۆتاییشدا، دیسپلینێکی گشتی دەخەیتە سەر جەستەت. بەڵام ڕێبدەن با بگەڕێینەوە بۆ باوەڕ، بۆ ئەو کلێشەیەی کە پێیوایە ئەمرۆ باوەڕمان نەماوە. دیارە ئەمە جگە لە نیمچە–دیبەیتێک هیچی تر نییە: ئێمە لە هەر کات و سەردەمێکی تر زیاتر خاوەنی باوەڕین و ئەمەش [کرۆکی] کێشەکەیە، وەکچۆن ڕۆبێرت پفالەر باسیکردووە. بۆیە چەمکەکانی دیبەیتەکە چیتر وەک خۆیان نین. بەڵام

[11]. hedonism

بەداخەوە زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکان لەم ئاستە بەرزەدا هەنگاونانێن بۆ ئاوڕدانەوە لەم گرفت و تەحەدایانە، بۆیە بە وەڵامە نادرووستەکانیان وەڕزماندەکەن.

دیارە خراپترین وەڵام بۆ ناقۆڵاییەکانی ستایلی *سەردەمی نوێ*(New Age) دەخرێنەڕوو، کە شیاوی ئەوە نین ناوی فەلسەفەیان بە بەردا بکرێت. دەتوانین لێرەدا کۆمەڵێک نمونەی سەرنجڕاکێش بێنینەوە. گەر ئێوەش وەک من چوونەتە تەمەنەوە، ئەوا سەیرێکی کتێبفرۆشییەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بکەن، و بەراوردیان بکەن بە کتێبفرۆشییەکانی بیستوپێنج ساڵ لەمەوبەر. بەداخەوە ئەمرۆ سێ قات زیاتریان دەربارەی حیکمەت، ڕۆشنگەری، و *سەردەمی* نوێن و بە هەمان ڕێژە کەمتر لەبارەی فەلسەفەوە قسەدەکرێت. زۆر ئاوڕمان لە یەکەم وەڵامی هەڵە دایەوە، وەکچۆن پێشتریش زۆر ئاوڕیان لێداوەتەوە. دوو وەڵامە نادرووستەکەی تریش بۆ من، لەوەی یەکەم کێشەدارتر و پرۆبلەماتیکتر دەردەکەون. کامە؟ حەزدەکەم جارێکی تر بگەڕێمەوە لای بادیۆ، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نابێت فەلسەفە و سیاسەت لەگەڵ یەکتردا تێکەڵبکەین. ئەو لە دەقەکەیدا دەربارەی کۆتایی کۆمۆنیزم، بانگەشەی ئەوە دەکات کێشەی تۆتالیتاریزم ئەوەیە کە ئێمە هێشتا تیۆرێکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی گونجاومان نییە تاکو بتوانین بەهۆیەوە دیاردە بێزارکەرەکانی وەک نازیزم و ستالینیزم بەپێی چەمکایەتییە تایبەتەکەی خۆیان-وەک پرۆژەی سیاسی- شیبکەینەوە. ئەمە وەڵامێکی خێرا و *فاستفوودیی* فەلسەفییە کە خۆی لە قاڵبی تەفسیرێکی قووڵدا پێشکەشدەکات؛ لەکاتێکدا لەڕاستیدا تاکە بەدیلە بۆ ئەوەی واز لە بیرکردنەوە بێنین، خراپترین شت کە فەیلەسوف دەتوانێت لێرەدا ئەنجامیبدات و بەداخەوە زۆرجاریش هەروایە. ڕەنگە تووشی حەپەسان و سورپرایز ببن(کە ئەو ڕێژە قووڵەی بۆ ئەدۆرنۆ هەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئەم شتە نەڵێم) کێشەی ***دیالەکتیکی ڕۆشنگەری***یش هەر ئەمەیە. لەجیاتیی شیکردنەوەی کۆنکریتی، سەروکارمان لەگەڵ کۆمەڵێک نمونەی باڵا و بنچینەیی تێکەڵوپێکەڵی و پشێویی فەلسەفیدایە(بە مانای نەرێنیی وشەکە)، جۆرێک لە شۆرتی[12] سیاسی-ئۆنتۆلۆژی، واتە کاتیگۆریی نیمچە ترانسیندێنتاڵی "پرۆژەی ڕۆشنگەری" کە بڕیارە بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگر دیاردەی تۆتالیتاریزم تەفسیربکات. نوسخەی دواتری ئەم ژێستە درۆیینە فەلسەفییە، کە فەلسەفەکەی لە بیرکردنەوە "ڕاماندەگرێت"، شۆرتێکی پۆستمۆدێرن لەنێوان تۆتالیتاریزمی سیاسی و

---

12 . short circuit

چەمکە فەلسەفییەکەی کۆیەتی(تۆتالێتی)دا درووستدەکات: لێرەدا هەڵماڵین و ئاشکراکردنی ئۆنتۆلۆژی[١٣] وەک تەفسیرێکی ڕاستەوخۆ و تاڕادەیەک ترانسێندێنتاڵ، دیاردە سیاسی و کۆنکرێتییەکان لەبەرچاودەگیرێت. فەلسەفەی پۆستمۆدێرن بۆ بێبایەخکردن و ترۆکردنی -ڕووداو بە مانا بادیۆییەکەی، واتە پرسی ***نوێی*** پچڕێنەر- لەبری فاکت ڕواڵەتی بیرکردنەوە دەگرێتەخۆی. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە لە ماوەی دە پانزە ساڵی ڕابردوودا، بە لەبەرچاوگرتنی هۆلۆکۆست و فۆرمە ڕیشەیی و وێنانەکراوەکانی تری ***خراپە*** لەئارادا بووە: واتە قەدەغەکردنی شیکردنەوەی ئەم دیاردانە بەو بیانووەی کە هەر جۆرە تەفسیر و لێکدانەوەیەک، پێش هەر شتێک خیانەتکردنە لە قوربانییەکان، و ئەرکی ئێمە تەنیا بریتییە لە پشتگیریکردنی شایەتەکان.

بە بڕوای من، ئەم ئایدیایە لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە ئێمە پێویستمان بە ژیانکردنە لە دنیایەکی نوقسان و ناکامڵدا، و هەر جۆرە بەدیلێکی ڕادیکاڵیش درەنگ یان زوو سەردەکێشێت بۆ [کارەساتەکانی وەک]گولاگ. سەبارەت بە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و ڕادیکاڵ، هۆشداری و ئاگادارییمان دەدەنێ. لەڕاستیدا، کۆی ئەو گوتارانەی لەبارەی کرانەوەی خۆمانن بەڕووی ئەویترێتیی ڕیشەییدا، تەنیا [ترساندن و] هۆشدارییەکە سەبارەت بە گۆڕانی ڕادیکاڵ! ئەمەیە ئایدۆلۆژیای فەلسەفیی پۆستمۆدێرن. بەتەنیشت ئەم تێڕوانینەوە، بەر شتێک دەکەوینەوە کە بە هەمان ڕادە جێیسەرنجە: نیۆکانتیزم. لە فەڕەنسا، ئەم نیۆکانتیزمە، لەلایەن ئالان ڕینۆ، لۆک فیری، کە هەنوکە وەزیری پەروەردە و فێرکردنە، نوێنەرایەتیدەکرێت، و لە ئەڵمانیاش نوێنەرەکەی بریتییە لە هابەرماس-کە بیەوێت یان نا، ئەمڕۆ وەک هەمووان دەیزانین، وەک فەیلەسوفی دەوڵەت ئیشدەکات- ئەو شتەی کە زۆرجار بەشاراوەیی ئاماژەی بۆ دەکرێت لەلایەن "ئەزنار"ەوە، بەئاشکرا پاڵپشتیی لیکرا؛ ئەویش ئەو کاتەی کە پێشنیاری ئەوەی کرد هابەرماس وەک فەیلەسوفی ڕەسمیی دەوڵەتی ئیسپانیا دامەزرێت. ئەمە چۆن ڕێی تێدەچێت؟

پێموایە بەشێوازێکی سەرکەوتووانە ئەم بەزم و کێشە[١٤]یەم چارەسەرکردووە. جۆرێکی دیاریکراو لە نیۆکانتیزم کە تەواو فیتاوفیتی پێناسەکەی فەلسەفەی دەوڵەتە(سەرباری ئەوەی خولیا و خۆشەویستیم بۆ کانت هەیە). ڕۆڵ و کارکردی سەرەکیی فەلسەفەی

---

[13] . ontological unveiling

[14] . dilemma

دەوڵەت، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی دینامیکیی ئەمڕۆدا چییە؟ ئەم کارکردە دەبێت پاڵپشتی زەروورەتەکانی سەرمایەداری بێت واتە گەشەپێدان، زانستی نوێ، تەکنۆلۆژیا و بازرگانی؛ بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ڕێ لە ئاکامە ڕیشەییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانیان بگرین. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە هابەرماس لانیکەم لە بەشداریکردنی لە دیبەیتەکانیدا سەبارەت بە بایۆجینات ئەنجامیداوە. ئەو، ڕێگەچارەیەکمان بە شێوازە نیۆکانتییەکە دەخاتە بەردەم: تۆ لە زانستەکاندا دەتوانیت ئەو هەموو شتانە ئەنجامبدەیت کە دەتەوێت، بەڵام بیرتەنچێت کە تەنیا سەروکارمان لەگەڵ کایەی بەرتەسکی دیاردە زانینییەکاندا هەیە. مرۆڤ وەک سوبێکتێکی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەر و ئەخلاقی شتێکی ترە، و دەبێت لەبەرامبەر هەر جۆرە هەڕەشەیەکدا داکۆکی لەم کایەیە بکرێت. هاوشانی ئەوە، هەموو ئەو پرسە ساختە و درۆیینانە خۆیان دەردەخەن: تا چ ڕادەیەک دەتوانین پێشی بایۆجینات بدەینەوە؟ ئایا بایۆجینات هەڕەشەیەک نییە بۆ سەر ئازادیی و سەربەخۆییی و خۆبەڕێوەبەرییمان؟ بە بۆچوونی من ئەمانە پرسیارگەلی هەڵە و نادرووستن، بەهەرحاڵ ئەمانە پرسیاری ڕاستەقینەی فەلسەفی نین. تاکە پرسیاری ڕاستەقینەی فەلسەفی لەم بوارەدا ئەمەیە: ئایا لە ئاکام و ئەنجامەکانی بایۆجیناتدا شتێکی ئەوتۆ هەیە کە ناچارمانبکات دیسان ماهیەتی مرۆڤ، و شێوازەکانی بوونی مرۆییمان پێناسەبکەینەوە؟

هەربەڕاستی شتێکی خەمگینانەیە کە دەبینم وا هابەرماس هەوڵدەدات ئەنجامە تەقینەوەئاساکانی بایۆجینات کۆنترۆڵبکات و ئاکامە فەلسەفییەکانی سنورداربکات. کۆی بەشداری و دەستێوەردانەکانی هابەرماس دەرخەری ئەو ترسەیە کە دەشێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕان ڕوووبدات، ترس لە ڕەهەندێکی تازەی "مرۆڤ" کە دەشێت دەرکەوێت، و لەم نێوانەدا ئایدیا کۆنەکەی خۆبەڕێوەبەری و شکۆی مرۆڤ بە سەلامەتی دەرناچێت. کاردانەوە زیادەڕۆکانی هابەرماس زەق و دیارن، بۆنمونە، ئەو لە قسەکانی سلۆتەردایکەوە سەبارەت بە بایۆجینات، کە ناچارماندەکات فۆرمولەبەندییەکی تازە بۆ ئەخلاق بکەین؛ تەنیا دەسکارییکردنی ڕەگەزیی[١٥] ناسیۆنالسۆسیالیست دەبیسێت. ئەم تیڕوانینە بۆ پێشکەوتنی زانستی، "وەسوەسەی وەسوەسە"[١٦]ی لێدەکەوێتەوە(دەرهەق بە بەرهەڵستیکردن). ئەو وەسوەسەیەی کە دەبێت بەڕوویدا

[15]. eugenics
[16]. temptation of the temptation.

بەرهەڵستی بنوێنین بریتییە لەو ڕوانینە نیمچە-ئەخلاقییەی کە دۆزینەوە زانستییەکان وەک وەسوەسەیەک پیشاندەدات کە ڕێگەمانپێدەدات لە کایە قەدەغەکانی دەسکاریکردنی بایۆجینات و هتد تێپەڕین، و سەرەنجام کرۆکە هەرە ناوەکی و قووڵەکەی بوونی مرۆییمان بخەینە مەترسییەوە.

ئەو قەیرانە ئەخلاقییەی کە لەلایەن بایۆجیناتەوە درووستبووە، لەڕاستیدا لەو پێویستییەدا دەگاتە لوتکەی خۆی کە بەشێوەیەکی تەواو پاساودراو ناوی دەنێین "فەلسەفەی دەوڵەتی": فەلسەفەیەک کە لەلایەکەوە لە هەناوی خۆیدا لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنیکی و زانستییەکاندا هەڵدەکات، و لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدات شوێنەوار و کاریگەرییەکانی لەسەر نەزمی ڕەمزی/کۆمەڵایەتییمان جڵەوبکات؛ بە دەربڕینێکی تر: ڕێ لە گۆڕانی وێنەی ئەو جیهانە ئەخلاقییە/تیۆلۆژییە بگرێت کە هەیە. لێرەوە جێی سەرسوڕمان نیە کە نیۆکانتییەکان زیاتر دەرۆنەپێشی: کانت خۆیشی ڕووبەڕووی ئەو مەسەلەیە ببووەوە کە چۆن دەتوانێت زانستی نیوتنی ڕوونبکاتەوە، و هاوکات لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی زانستەوە، قەڵەمڕەوێکی بەرپرسیاریی ئەخلاقی مسۆگەربکات. کانت، کایەی ئیعتیباری زانین(و زانست)ی سنوردارکرد، ئەویش بەمەبەستی درووستکردنی فەزایەک بۆ ئەخلاق و باوەڕ. ئایا فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی دەوڵەت لەبەردەم وەزیفەیەکی لەم جۆرەدا نین؟

ئایا هەوڵی ئەوان بەو ئاراستەیەدا نییە کە چۆن لەڕێگەی نوسخە جیاجیاکانی ڕامانی ترانسێندێنتاڵەوە دەتوانرێت زانست لە ئاسۆ مانابیە سنوردارەکەیدا قەتیسبکرێت، و پاشهاتەکانی وەک شتێکی "پەسەندنەکراو" لە کایەی دینی/ئەخلاقییدا سەرزەنشتبکرێت؟ ئەوەی جێیسەرنجە ئەوەیە کە تەنانەت پێشنیارەکەی سلۆتەردایکیش کە لەسەر سەنتێزێکی (هیومانیستی) بەندە لەنێوان حەقیقەتە زانستییە نوێیەکان و ئاسۆی کۆنی مانادا، تەنانەت گەر بە ناسکتر و گوماناوییتر و ئایرۆنییتری بزانین لە "فەلسەفە دەوڵەتی"یەکەی هابەرماس، سەرەنجام تەنیا بەهۆی سنورێکی نەسەلمێنراوەوە لێی جیادەکرێتەوە. بە دەربڕینێکی دەقیقتر: پێشنیار و پرۆپۆزەڵەکەی سلۆتەردایک، لەنێوان ئاشتی و سازشە[١٧] هابەرماسییەکە و ناقۆلاییەکانی ***سەردەمی نوێ***دا لە هاتوچۆدایە.

---

[17]. compromise

لەکاتێکدا کە خەریکی باسکردنی فەلسەفە و سیاسەتین، پێموایە لێکدانەوەیەکی گشتییش سەبارەت بە مردن [و مراندنی] قوتابخانەی فرانکفۆرت خۆی حەشارداوە. عاقیبەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت چییە؟ ئەی چۆن بچەمکێنرێت؟ گوزارە بنەڕەتییەکەی بریتییە لە *دیالەکتیکی ڕۆشنگەری*: واتە ئەو ئایدیایەی کە پرۆژە مۆدێرنەکەی ڕزگاری، عەیبە و نوقسانییەکی بونیادیی هەیە. هەموو شتە ترسناکەکانی وەک تۆتالیتاریزم و هتد، خلّتە و پاشماوەی ڕابردوو نین، بەڵکو بەرهەمی لۆژیکیی ئەم [پرۆژە مۆدێرنەن]. ڕێمبدەن ئەمجارەیان وەک کەسێکی حەپۆل و ساویلکە، ئاوڕ لەم پرسە بدەمەوە. لێرەدا دەڵێم کۆمۆنیزمی ستالینی، باشترین نمونەی ئەم پرسە دەبوو؛ چونکە ئەگەر چەمکە تەواو گێلانە و سادەکان بەکاربێنین، ئەوا فاشیزم پەرچەکردارێکی کۆنەپارێزانە بوو. کەسانێک لەپشت ئەمەوە بوون-دیسان بەشێوەیەکی ساویلکانەتر-نیەتیان ئەنجامدانی خراپەیەکی زۆر بوو و بەفیعلییش ئەنجامیاندا(چ سەرسوڕهێنەرە!). تراوما ڕاستەقینەکە، ستالینیزمە. پرۆژەی کۆمۆنیستی(کە هیوامە ئێوەش لەگەڵمدا کۆک بن) بە پۆتانشیڵێکی بەهێزی ڕزگاریخوازانەوە دەستپێیکرد و پاشان بەلاڕێدا ڕۆیشت. ئەمە تراومای دیالەکتیکی ڕۆشنگەرییە. بەڵام ئێمە لە تیۆری ڕەخنەییدا چەندە لەمانە دەبینینەوە؟ هیچکام لەمانە نابینینەوە. کتێبەکەی فرانتس نویمان بەناوی بێهیموث، خراپترین جۆری کۆمەڵناسیی ژۆرناڵیستییە کە دەکرێت وێنای‌بکەیت؛ ئەو کتێبەی کە لەسەر ئایدیای **نزیکبوونەوە و بەیەکگەیشتن**(convergence) بەندە، کە بەوپێیە گوایا پلانە ئابوورییە نوێیەکەی[18] ئەمریکای سەردەمی ڕۆزڤێڵت، ئامانج و ئایدیاڵەکانی ئەڵمانیای نازی، و بەرنامەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، دەیانویست یەک جۆر کۆمەڵگای ڕێکخراو دروستبکەن. دەقەکەی مارکۆزە، واتە *مارکسیزمی سۆڤیەتی*، بێننەوە بیری خۆتان: کتێبێکی سەیر و نائاساییە کە بەتەواوی هەڵوێست و بۆچوونی نوسەرەکەشی ڕووناکاتەوە. پاشان هەندێک [کۆمەڵناس]ی هابەرماسیی وەک ئاندریۆ ئارتۆر، بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی وەک شوێن و فەزایەک بۆ ژیانکردن[19] دەخەنەڕوو، ئەویش دژ بە باڵادەستیی کۆمۆنیستیی تۆتالیتاری. بەڵام لێرەدا هیچ جۆرە تیۆرێکمان نییە کە یارمەتیمان‌بدات بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمۆنیزمی ستالینی. بەهەرحاڵ، پێموایە تیۆری کۆمەڵگای مەدەنی سەرلەبەری هەڵەیە. دەبێت بڵێم لە هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیادا، وەک زۆربەی ململانێکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، وەک دەزانرێت من لایەنگری دەوڵەت

---

[18] . New Deal

[19]. Place of existence

بووم. کۆمەڵگای مەدەنی بەمانای دژوەستانەوە دەهات بەڕووی دیموکراسییدا[٢٠]، بەڵام بە مانای ناسیۆنالیزمی توندوتیژ-یش دەهات. هاوکێشەکەی میلۆسۆڤیچ، بەجوانی وێنەی ئەم تێکەڵە پرمەترسی و باروتئاسایەی[٢١] کۆمەڵگای مەدەنیی ناسیۆنالیستی و نۆمێنکلاتۆرا[٢٢]ی حیزب دەکێشێت. بەرهەڵستکاران و نەیاران داوای دایالۆگێکیان دەکرد لەنێوان نۆمێنکلاتۆرای حیزب و کۆمەڵگای مەدەنییدا، میلۆسۆڤیچیش بەفیعلی ئەمەی بۆ کردن.

با بگەڕێینەوە لای هابەرماس: ئایا خوێندنەوەی کتێبەکانی، پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵدەماڵێت کە نیوەی ئەڵمانیا، واتە نیشتمانی دایکی، سۆسیالیست بوون؟ نەخێر، وەکبڵێی شتی لەم جۆرە هەرگیز بوونی نەبووە. بە بڕوای من، ئەمە بەپێی چەمکە سەردەمی و باوەکان، جۆریکە لە درزی سەمپتۆماتیک [و نیشانەناسییانە]، جۆرێک لە شوێنی بەتاڵ.

لێرە بەدواوە، تۆزێک کورتتر و پوختەتر باسەکانم دەخەمەڕوو. دەمەوێت بەهۆی تێبینییەکەوە دەربارەی ڕۆڵی مومکینی فەلسەفە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆماندا، ئەنجامگیرییەک بکەم. زنجیرەیەک بۆچوون و هەڵوێستی فەلسەفیی هەڵە هەن: فەلسەفەی دەوڵەتی نیۆکانتی، نیۆسۆفستایی پۆستمۆدێرن و هتد. خراپترین شت، بەئەخلاقیکردنی دەرەکیی فەلسەفەیە، واتە ئەو لۆژیکەی کە بەم جۆرە ئیشدەکات: "من فەیلەسوفم، نەخشەی سیستەمێکی گەورەی میتافیزیکی دادەڕێژم، هاوکات مرۆڤێکی باشیشم و دەرهەق بە کۆی کارەساتەکانی ئەم جیهانەش نیگەرانم، دەبێت دژی ئەم کارەساتانە بجەنگین و خەباتبکەین". کاتێک دێریدا لە ناوەڕاستی کتێبی *تارماییەکانی مارکس* دا کارەساتەکانی ئەم جیهانە لە دە خاڵدا ڕیزدەکات، بەتەواوی [خەریکی ئیشێکی] نافەلسەفییە. شتێکی باوەڕپێنەکراوە! کاتێک خوێندمەوە بڕوام بە چاوی خۆم نەدەکرد، بەڵام خۆ هەبوون، دە خاڵ کە گوزارشتیان لە غیابێکی زۆری بیرکردنەوە دەکرد: بێکاری، پەراوێزنشینە بێپارەکان لە شارەکاندا، کارتێلەکانی مادە بیهۆشکەرەکان، باڵادەستیی پاوانکارانەی میدیاکان و هتد. لێرەدا وەکبڵێی دێریدا دەیەوێت پتر وەک کەسێکی دڵنەرم و میهرەبان دەرکەوێت نەک بەتەنیا وەک

---

[20]. Democratic opposition
[21] . explosive
[٢٢] . ئەو چینە دەسەڵاتدارەی ناو حیزب کە خۆیان لە خوارەوە جیاکردۆتەوە و جۆرێك لە بۆرۆکراسیەتیان درووستکردووە-و

فەیلەسوفێکی گەورە. بمبورن، بەڵام لێرەدا تەنیا بەراوردێکی تاڕادەیەک کوشندە و وێرانکارانە بە زەینمدا دێت: لە کۆتایی بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی پۆپۆلار و هەمەپەسەندەوە، عادەتەن وەسفێکی کورتی تیایە سەبارەت بە نوسەرەکە-بۆ ئەوەشی کەمێک نرخ لەسەر پەیڕەوەکەیان[23] دانێن، شتێکی وەک ئەمەی بۆ زیاددەکەن-: ئەو ئێستا لە باشوری فەڕەنسا دەژی، بڕێک پشیلە دەوریانداوە و کاتەکانیشی بۆ وێنەکێشان تەرخاندەکات. ئەمە ئەو شتەیە کە کەمتازۆر سەروکارمان لەگەڵیدایە. ئەمە دەسبەجێ پاڵم پێوەدەنێت، تاکو ئەم شتە نەگریسە بۆ کتێبی داهاتووم زیادبکەم: "فلانەنوسەر لە ژیانی شەخسیی خۆیدا، ئازار و ئەشکەنجەی سەگەکان دەدات و جالْجالۆکانیش دەکوژێت". ئەویش لەو پێناوەدا تاکو ئەم عادەتە بگەیەنمە ئەوپەڕی پووچییەکەی خۆی. بەڵام دەمەوێت بەردەوام بم: گەر لەبارەی بیروبۆچوونمانەوە لە ئێمەی فەیلەسوف بپرسن، ئەوەی زۆرجار لێمانیان دەوێت ئەوەیە خۆمان بناسێنین. بۆیە مەعریفەکەی ئێمە جۆرە مەرجەعێکی تەمومژاوییە کە ئۆتۆریتە دەبەخشێتە بیروبۆچوونەکانیشمان. جا ئەمە هەر لەوە دەچێت کەسێک لە نوسەرێکی گەورە بپرسێت حەزت لە چ خواردنێکە، ئەویش وەڵامبداتەوە چێشتی ئیتالی لە چێشتی چینی باشترە. لەبەر ئەمەیە کە دەبێت ئاوڕ لەو شتەبدەینەوە کە بە زاتی خۆی پەیوەندیی بە فەلسەفەوە هەیە.

ئەی کەواتە ڕۆڵی فەلسەفە چییە؟ لێرەدا ڕووبەڕووی پارادۆکسێک دەبینەوە: فەلسەفە هەرگیز و بەتایبەت لە سەردەمە خەلاق و داهێنانگەرییەکانی خۆیدا، ڕۆڵێکی ڕێک و ئاسایی و نۆرماڵ ناگێڕێت، لانیکەم بەو مانایەی کە تەنیا فەلسەفەیە. لێرەدا چەند فاکتێکی بێڕەبت و پەیوەندی هەن: لە سەدەی نۆزدەدا، زۆرجار ئەدەب لەناو هەندێک نەتەوەی وەک هەنگاریا و پۆڵەندادا ڕۆڵی فەلسەفەی دەگێڕا. بۆنمونە، ئەو ڕوانگە ئایدۆلۆژی یان فەلسەفییانەی کە لە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییدا هەبوون، بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەدەبدا فۆرمولەدەکران. تەنانەت لە ویلایەتەیەکگرتووەکانیش، بۆنمونە لە ٩٩%ی حاڵەتەکاندا، لە کۆلێژەکانی فەلسەفەدا ئەو شتەت دەسناکەوێت کە پێیدەوترێت فەلسەفەی قارەیی(دەشبێت بەدەقیقی ئاماژەی بۆ بکەین: لەناو ٤٠٠٠ کۆلێژی ئەمریکییدا کە بەشی فەلسەفیان هەیە، تەنیا پانزە بۆ بیست کۆلێژ نوێنەری ڕاستەقینەی فەلسەفەی قارەیی تیایە). لەجیاتیی ئەوە، فەلسەفە لە لێکۆڵینەوە

---

23. curriculum

کولتوورییەکان، لە دیپارتمێنتەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانیدا دەبینینەوە. گەر بتانەوێت دیراسەی هیگڵ و بادیۆ بکەن، ئەوا بەشێوەیەکی پارادۆکسانە پێویستە ئەدەبی بەراوردکاریی فەرەنسی و ئەڵمانی بخوێنیت. لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر بتانەوێت توێژینەوە لە مێشکی مشکەکان و تاقیکردنەوە لەبارەی حەیواناتەوە ئەنجامبدەن ئەوا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کۆلێژە فەلسەفییەکان. بەڵام شتێکی غەریب نییە گەر فەلسەفە جێی بابەتێکی تر داگیردەکات: بۆنمونە، کاتێک کۆمۆنیزم داڕووخا، فەلسەفە یەکەمین جێ بوو کە بەرهەڵستیی تیا دروستکرا. لەو کاتەدا، فەلسەفە لە هەرکاتێکی تر زیاتر سیاسی بوو. ڕەنگە لێرەدا ئەو پەلپە بگرن کە فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی، جگە لە فەلسەفە هیچی تر نەبووە. هەرگیز وانیە! ئاگادارین کە نەک هەر بۆ مارکس، بەڵکو بۆ هاینەش، فەلسەفە بەدیل و جێگرەوەیەکی ئەڵمانی بوو بۆ شۆڕش. لوغز و کێشەکە لێرەدایە: ناکرێت لە یەک کاتدا هەردووکیانت هەبێت. هەڵەیە گەر بانگەشەی ئەوە بکەین کە فەڕەنسییەکانیش دەیانتوانی فەیلەسوفیان هەبێت، هەر لەبەر ئەوەی زیرەکیی کافییان هەبوو. بەپێچەوانەوە، غیاب و دیارنەبوونی شۆڕش لە ئەڵمانیا، مەرجێک بوو بۆ فەلسەفەی ئەڵمانی. ئایدیاکەی من ئەمەی خوارەوەیە: ***ڕەنگە ناچار بین واز لەو خەونە بێنین کە فەلسەفەیەکی ئاسایی و ڕێک و نۆرماڵ بوونی هەیە***. ڕەنگە فەلسەفە بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە، شتێکی نارێک و نائاسایی بێت. لێرەوەیە کە من تیۆرەکەی بادیۆ وەردەگرم. (من و بادیۆ یەکدی لە باوەش دەگرین، بەڵام لە واقیعدا ڕقمان لە یەکترە. گاڵتە بەردەوامەکەمان ئەمەیە: گەر من دەسەڵات بگرمە دەست، ئەوا ئەو دەڕوات بۆ کامپ [ی کاری زۆرەملێ]. بەڵام ئەمە خۆی حەکایەتێکی ترە). من بەڕاشکاوی دوای تێزەکەی بادیۆ دەکەوم سەبارەت بە مەرجەکانی فەلسەفە[٢٤]: فەلسەفە بەپێی پێناسەکە شتێکی زیادەڕۆ و زیادەسازە[٢٥]، تەنیا لە پەیوەندییەکی زیادەسازانەشدا بە مەرجەکانی دەرەوەوە بوونی هەیە؛ ئەوەی کە ماهیەت و ناوەڕۆکێکی عاشقانە، سیاسی، زانستی، هونەریی هەیە.

سەرەنجام، ڕەخنەیەکی تر، کە تەنانەت گەر زۆر هاوڕێیانەش بێت، ئەوا هەڵسەنگاندن و نرخاندنە جیاوازەکانی هەریەکە لە ئێمە بۆ کانت، دەتوانێت ناهاوڕایی و جیاوازییمان دەربخات. لێرەدا حەزدەکەم لێت بپرسم(گەرچی بەشێوەیەکی ڕیتۆریک و ڕەوانبێژانەش

---

[24]. Conditions of philisophy
[25]. Excessive

بێت)، سەربارى ئەو شتە ترسناکانەى کە من سەبارەت بە جۆرێکی تایبەت لە نیوکانتیزم وتم، ئاخۆ لەگەڵمدا کۆک نیت کە شتێکی بەنرخ لە کانتدا هەیە و پێویستە دەستی پێوەبگرین و بیپارێزین؟ چ شتێک؟ ئەوەى لە هەر شتێکی تر زیاتر، دەمبەستێتەوە بە فەلسەفەوە ئەو چرکەساتە غەریبی و بێگانەیی[٢٦]یەیە کە تۆ ئاماژەت بۆ کرد. ئایا بێگانەیی و غەریبی هەر لە سەرەتاى فەلسەفەوە ئامادەیی نییە؟ ئەوانەى پێیاندەوترێت فەیلەسوفە ئایۆنییەکانی سرووشت، لەو جێیەوە دەرکەوتن کە ئەمڕۆ بەشە ئاسیاییەکەى تورکیایە؛ ئەو ناوچەیەى کە گەشەى بەرهەمهێنانی کاڵایی بەخۆیەوە بینیوە. لێرەدا نامەوێت بچمەپاڵ ئەو [بۆچوونە] هاوتەریبەى مارکسیزمی بازاڕی کە بەرهەمهێنانی کاڵا بە ماناى داماڵین و بەئەبستراکتکردنە و بەئەبستراکتکردنی کاڵا لە بونیادى فەلسەفەدا نوستووە. دەمەوێت سەرنجت بۆ ئەم چرکەساتە بێگانەییە ڕاکێشم کە لەڕێگەى جێگۆڕکێ[٢٧]وە ڕوودەدات؛ کە فەلسەفە-هەر ئەو شتەى کە هایدیگەریش دەیەوێت پیمان بڵێت- هەر لە سەرەتاوە گوتار و دیسکۆرسی ئەو کەسانە نەبوو کە لە ماڵەکانی خۆیانەوە دەرهەق بە ***بوون*** هەستیان بە یەقین دەکرد. ئەمە تۆزێک پێویستی بە دابڕانە لە کۆمەڵگاى ئۆرگانی و ئەندامی. لە سوقرات بەدواوە، هەمیشە و جار دواى جار، ڕووبەڕووى ئەم ئەویترێتی و چاڵ و کونانە بووینەتەوە؛ هەروەها شتێکی جێیسەرنجیشە کە دەتوانین لە دیکارتیشدا ئەم بێگانەییە بدۆزینەوە(و بیدەینەوە بە ناوچاوى بوختانچییەکانیدا). لە بەشی دووەمی ***گوتارێک دەربارەى میتۆد***دا، پارچە و پەرەگرافێکی بەناوبانگ هەیە سەبارەت بەوەى چۆن ئەو لەڕێگەى سەفەرەوە نەک تەنیا بێگانەیی ئاداب و ئسوڵی ئەوانیتر ئاشکراکرد، بەڵکو کولتووری هەرکەسێک لە هی ئەویتر کەمتر سەیر نییە و گەر کەسێک لە پنتێکی ترەوە سەیرى بکات پێکەنیناوى دێتەبەرچاو. بە بۆچوونی من ئەمە خاڵی سفرى فەلسەفەیە. هەر فەیلەسوفێک ئەم شوێنی جێگۆڕکێیە هەڵدەبژێرێت.

ئێستاش پرسیارەکەى من لە تۆ ئەمەیە: لێرەدا ڕاڕادەبم چەمکە کانتییەکەى کۆمەڵگاى مەدەنیی نیشتمانەجیهان(یان کۆسمۆپۆلیتیان) دووبارە بخەمەوە بەر باس، کە زۆرجار ئاسان وەردەگیرێت. بە بۆچوونی من، دەبێت ئەم چەمکە ببەستیتەوە بە جیاکاریی نێوان بەکارهێنانی تایبەتی و گشتیی عەقڵ لاى کانت کە تایبەتمەندییە زەقەکەى جووڵانە

---

[٢٦]. foreignness
[٢٧]. displacement

بەپێچەوانەی شهود (intuition)ەوە: ئەوەی کانت پێیدەڵێت بەکارهێنانی تایبەتیی عەقڵ، تایبەتە بە کاری کارمەندە مەدەنییەکانی دەزگای دەوڵەت. کانت، مشتومڕە ڕۆشنبیری و فیکرییەکان ناودەنێت بەکارهێنانی گشتیی عەقڵ، تەنانەت گەر بەشێوەیەکی تایبەتییش ئەنجامبدرێن. مەبەستی کانت چییە؟ پێموایە، پرسی *شەخسی و تایبەتی*(the private) بە لای کانتەوە، لە نیگای یەکەمدا، کۆمیونیتییەکی تایبەت و بەشەکییە کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر شوێنێک. بەهەرحاڵ، ئایدیاکەی کانت، ئەوەیە کە ئێمە وەک بیریار دەبێت بچینە پێگەی ***گشتەکیی تاقانەوە***( the singular universal). بە دەربڕینێکی تر، ئەو تاقانەییەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگر لە گشتێتی (universality)دا بەشداردەبێت، چونکە لە ئایدیای نەزمی جوزئی و بەشەکی دادەبڕێت. دەتوانیت ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ نێوانگرێک مرۆڤ بیت، بەبێ ئەوەی پێویستبکات سەرەتا ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیز و هتد بیت. ئەم میراتەی کانت، ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی تر زیاتر پەیوەندیی پێمانەوە هەیە. ئایدیای مشتومڕێکی فیکری کە بەسەر نەزمی بەشەکییدا زاڵدەبێت، ئەو دۆکترینە کۆنەپارێزە ئاشکرادەکات کە تەنیا بەهۆی هاوشوناسبوون و یەکبوونێکی تەواوەوە لەگەڵ ڕیشەی خۆیدا مرۆڤ دەبێتە مرۆڤ-بە مانای تەواوی وشەکە-. ئێوە بەتەواوی مرۆڤن، تەنیا ئەو کاتەی کە بەتەواوی نەمسایی، سلۆڤینی، فەرەنسی بن و هتد. بەڵام پەیامی بنەڕەتیی فەلسەفە ئەوەیە کە ئێوە دەتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگر لە گشتێتییدا بەشداربن، لەودیوی شوناسدۆزییە بەشەکی و جوزئییەکانەوە.

لەم دوو سەرچاوەوە کراوەتە کوردی:


١) فلسفه دیالوگ نیست(فلسفه در زمانه حاضر)، اسلاوی ژیژک، آلن بدیو، ترجمه: فواد حبیبی و کمال خالقپناه، انتشارات روزبهان، چاپ اول، ١٣٩٢.

2) Philosophy in the Present, Alain Badiou, Slavoj Žižek, Published December 14th 2009 by Polity Press.